

## شەدەی سەرت بەمیرات بێ !! ؟

لەعنەت لە ( هەست و وەفات ) بێ .

مەهدی خەمبار

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە خاتو نەسرین بەرواری دەیەوێت وەک هەرکچێکی تر بیێرێک لە پاشەڕۆژی خۆی و ژیانی ڕەبەنایەتی بکاتەوە و خۆی بخزێنێتە نێو قۆناخێکی نوێ ژیان و هێنانەدی ئەم خەونەشی لە دۆزینەوەی هاوسەرێکی دڵ ویستدا دێتە دی ! هێنادی ئەم خەونەشی دەڵێن لە سەرۆکی کاتی عێراق شێخ ( غازی عجیل الیاور ) دا بەرجەستەی کردوە .

من بەش بە حاڵی خۆم تائێستاش لە میان شک و یەقین دا دەخولێمەوە !

هەرچەندە شەکراو خواردنەوەکەشی لە لایەن ڕۆژنامەی ( ئاسۆ ) ی ژمارە 22 ی 7.9.2004 وە پشتڕاست کراوەتەوە . بە کورتی و کرمانجی کار لە کار ترازاوە و ماوەتەوە بڵێین ئاخری خێر بێت !!

لەم شوکردنە سەیرەدا دوو شتم بەلاوە گرینگە کە بەهیوام خاتو ( نەسرین بەرواری ) ئەگەر تاقەتی خوێندنەوەی ماڵپەڕە کوردیەکانی بو و چاوی بەم نوسینە کەوت بەتیشکی وەڵامێکی کورتیش بێت ، تەمو مژی ئەم ناڕونیە لای من چەندانی وەکو من یڕەوێنێتەوە .

1 / چۆنیەتی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەم دەستنیشان کردنە و فاکتەرە پاڵپێوەنەرەکانت لەم هەڵبژاردنەدا ؟

2 / مەبەست و ستراتیژ لەم هەنگاوە ؟

لە ڕاستید پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەر لە لایەن کچان و کوڕانەوە ڕەنگە هێندە ئاسان و سادە نەبێت بەم جۆرەی بەشێکمان بیری لێ دەکەینەوە و بە ئاو خواردنەوەی دەزانین ، بەڵکو پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قوڵ و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە و لێکگەیشتن هەیە تا بتوانرێت خێزانێکی نمونەیی دامەزراو لە بناغەیەکی تۆکمەی کۆنکرێتی بە بەرهەم بێت ، گومان لەوەدا نیە کە لە دەستنیشانکردنی هاوسەردا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جۆرێک جیاوازی بەدی دەکرێت و ( نەتەوە ) و ( کەلتور ) و ( مێژو ) و ( زمان ) و چمکێکیش ( ئاین ) وەک فاکتەری گونجان و نەگونجان ، سەرکەوتن و ناسەرکەوتن و ئاسودەیی و نائاسودەیی کاریگەریان هەبێت .

ئێمە باسمان لە هاوسەرایەتیەکە کە هاوخوێن و هاوزمان و هاوکەلتورن کە بەو جۆرە ساکار و بێ کێشمەکێش و ئاستەنگ نیە ، چونکە پرۆسەکە بریتی دەبیت لە پێکەوە لکان و گرێدانی دوو کەسایەتی پێشتر نامۆ بەیەک و دوو دەرونی جیاواز و خرکردنەوەیان لە ژێر دەواری خێزانیکدا کە لە ئێستا بەدواوە پێکەوە دەژین و دەئاخاون و ئەخۆن و ئەخەون . جا چ جای هاوسەرایەتیەک و جوتبونێک کە وێڕای جیاوازی نەتەوە و کەلتور و مێژو ، جیاوازی بیروباوەڕ و هەست و نەستیش لە بەیندا بێت .

دەستنیشان کردنی ( الیاور ) لە لایەن خاتو ( بەرواری )یەوە ڕەنگە بەلای هەندێ کەسەوە شتێکی ئاسایی بێت و لەلایان جێگای پرسیار و تێڕامان نەبێت .

بۆ من ئەم ڕاستیانە وایان لێ کردوم کە بەم جۆرە خولیای گەڕان بم بە دوای سەرەداوی وەڵامێکدا .

1 / خاتو بەرواری سەرباری پێزانینی ئەوانەی باسمان کرد ، وا باس دەکرێت کە ئەم خاتونە دەبێت بە سێهەمین خێزانی ئەم شێخە .

2 / بەرواری کەسێکی نەخوێندەوار و کاڵفام و بێ ئاگا نیە تا پاساوی ئەوەی بۆ بهێنینەوە کە لە ژێر باری حەزلێکردن و سۆزێکی کوێرانەدا ئەم بڕیارەی دابێت .

3 / ئەم خاتونە لە ئاستی ڕۆشنبیری و تەمەن و خوێندنی ئەلف و بێی سیاسی و شارەزایی لە دونیای دەرەوەش نارۆشنبیر و هەرزەکار و ناسیاسی و بێ ئەزمون نیە و لە هەموو ئەو بوارانەشدا ئەسپی خۆی تاو داوە .

سەیر لەمە دایە کە ئەمە هەڵبژاردنی کچە کوردێکی سیاسی ، ڕۆشنفکر ، دونیا دیدە ، و خاوەن ئەزمون بێ کە ( عەرب) ێکی تا سەر ئێسقان ( عەرەب ) ی خاوەن دوو ژنە ( هەویە ) دەستنیشان دەکات و شوی پێ دەکات و کەچی نازانم بە چ چاوو ڕویەکەوە باس لە کوردبونی خۆی و مافی ژنانی چەوساوە دەکات کە ئەم خۆی دەبێتە مۆتکەی سەر دڵی دوو ژن لە ڕەگەزیەکەی خۆی و مافەکانیان زەوت دەکات . ئەمەیە نمونەی داکۆکی کەرانی مافی ژنان ، خۆ ئەگەر ژنان چاویان لە دەست و دەمی نمانەی ئەم خاتونەبێت ئەوا کەشکیان فەریکە و نانیشیان هەتا ماون بەسەر ساجەوە دەسوتێت !!

من پێم وانیە ئەم بڕیارەی بەرواری لەژێر فشارێکدا تەسمیمی گرتبێت و نەویستانە بڕیاری دابێت ، بەڵکو هێنادی خەونێکێتی کە ببێت بە هاوسەری سەرۆکی ( عێراق ) و سەرۆکی عەشرەتی ( شەممەر ) کە دیارە خاتو نەسرین لەوە بێ ئاگایە کە ( الیاور ) سەرۆکێکی کاتیە و بەلاچونی لە سەر کورسی حوکم ئیتر وەک پێش دەست بەکار بونی جارێکی تر ناو و ناوبانگی وون دەبێتەوە و تەنها دیشداشە و عەگالەکەی دەمێنێتەوە کە تۆ خۆشیت پیا چوە !!

لە شاری کۆیە دەگێڕنە خێزانێکی کورد کچێکیان لە بەغدا دەخوێنێت و لەوی گەر هەڵە نەبم کوڕی ( عزت‌الدوری ) یەک لایەنە تەماحی تێ دەکات و پاش ماوەیک دەنێرێتە داخوازی ، بەڵێنی ئەوە بە کچە و ماڵی کچە دەدەن کە هەرچی سەروەت سامانێکیان بوێت ئامادەن پێشکەشی بکەن و بۆیان جی‌بەجێ بکەن ، لە ڕۆژگارەشدا باجی بێ دڵی دەست بە ڕونان و وەڵامی نەرێنی هەرچی شتی خەراپ بوو لێی چاوەڕوان دەکرا ، ئەوجا ئەو کچە کوردپەروەرە و ئەو خێزانە نەترسە پێیان دەڵێن کچەکەمان شو ناکات و سوپاسیش پێویستمان بە هیچ نیە .

ئاوانەش کوردن خاتو نەسرینیش کوردە !

لە کۆتاییدا هیوادارم هەڵەبم و نەسرین بەرواری مەبەستێکی سیاسی هەبێت و مەبەستی بێت ئەو عەگال و دیشداشەیەی پێ فڕێ بدات و جامانەیەکی ( سوور ) و قاتێکی شاڵ ( کر ) ی پێ لە بەر بکات !

ماوەتەوە بڵێم هێشتاش گومانم لەم هەواڵە هەر ماوە ، ئەویش لە پای بێ دەنگی کەناڵەکانی ناوخۆ و دەرەوە لە پەردەپۆشکردنی . تۆ بڵێی دەهۆڵ کوتان و بەزم و ڕەزمەکەیان بۆ کاتی ( شهر العسل ) ەکەیان هەڵگرتبێت و بەنیازبن بیکەنە پشوی ڕەسمی لە هەموو عێراقدا !! .

msh2004@luukku.com